لە هەوای گەیشتنیان بە ژەمە خواردنی خۆایی چوار کەس لە سووریا گیانیان لەدەستدا

چوار کەس گیانیان لەدەستدا و 16 کەسی دیکەش بریندار بوون لە ئەنجامی قەرەباڵغی لە مزگەوتی گەورەی ئەموی لە دیمەشقی پایتەختی سووریا، بە ئامانجی وەرگرتنی ژەمە خواردن بەخۆایی

ئاژانسی هەواڵی فەرمی سوریا "سانا" لە زاری ماهر مەروان, پارێزگاری دیمەشق بڵاویکردەوە کە دوێنێ هەینی ڕووداوێکی دڵتەزێن لە مزگەوتی گەورەی ئەموی ڕوویداوە لە ئەنجامی هەڵمەتێک لە یەکێک لە بێنە مەدەنییەکانی مزگەوتەکە و دەوروبەری ژمارەیەک کوژراو و بریندار لێکەوتووەتەوە.

ڕوونیشیکردەوە کە بەرپرسانی پێوەندیدار لێکۆڵینەوەیان کردووە بە زانینی هەکارەکانی ڕووداوەکە و ئاماژەی بەوەشکرد کە ڕووشوێنی بەپەلە گیراونەتەبەر بە دەنیابوون لەوەی لە داهاتوودا ئەو جۆرە ڕووداوانە لە شوێنە گشتییەکاندا دووبارە نەبنەوە.